# گەردەلوولێک لەبیابانەوە



چنار نامق

هەژدە ساڵ بەرلە ئێستا گەردەلولێک لەبیابانەوە هەڵی کرد چیا وپێدەشتەکانی سەراپا کردە هەرێمێک لەتەم وناخمانی پڕکردلەپەستی وچاوانمان لم...

هەوری ڕق و خەم و کەسەری پێ بوو بارانێکی رەشی بەسەر مێرگە وەنەوشەکان باراند، تیکرای جوانییەکانی راپێچ کردوو بردی بەرەو دوورگەکانی عەرعەر و عارەبستان، بیرمە ئەودەم ژنە مامم بەکۆرپەیەکەوە ئاوس بوو ،لەدایک بوو پاشان چووە قوتابخانە وائەمساڵیش لەچاوەروانی باوکیدا چووە زانکۆ کەچی ئەو هەر نەهاتەوە.

سەیر نییە لەنێوان ١٨٢ هەزار کەس پتر لە چل کەسی نزیکی من بەر ئەم شاڵاوە نەعلەتییە کەوتبێت وهەرهەموو ئەوانەش مام و ژن مام و کورمام وکچ مام وپورم بوون ئاخر کە ئەنفال هات کەسی نەدەناسی ئەو تەنها ئاخافتنی کوردی راپێچ دەکرد کەبەتاوانی کوردبوون مەحکومی دەکردن تاکو ئەمرۆش بی سۆراخن وهەریەکەو ریوایەتێکیان لەبارەوە دەگێڕێتەوە هەندێکیان بە بەرچاوی بیابانەوە گوللە باران کران .

بەشێکیان زیندە بەچاڵ، و بەشێکی دیش لەکچەکان بەر مەلهاکانی وڵاتانی موسوڵمانی عەرەب کەوتن ئەوان تەنها لەمیسردا نەفرۆشران کەسانێکی دیکەش هەن کەنیزەکن لەحەرەم سەرای ئالی سعوددا کە ئێستا هەر باسیان ناکرێت، ئەوەی بۆمن خەمێکی جەرگ بڕ بوو لەم ساڵانەی دواییدا هەواڵێکی شومی دیکەم سەبارەت بەوان بیست، گوایە کەسێک سەبارەت بەجێگای ئەوان زانیاری هەیە، ڕۆژێک رژێمی گۆر بەگۆر کارێکی پی سپاردووە وبەڕێکەوت بەشوێنێکدا تێپەریوە وگوێی لەهات وهاواربووە کە نزیکبووەتەوە لە جێگاکە ژێر زەمینێکی قوڵی تاریکی بینیوە ئەو گوتبووی ئەوان هێندە پرچیان درێژ بوو مەحاڵە کەسێک بیانناسێتەوە ولەو دەمەوە لەسەر تەرمی یەکدی دەژین، ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی سەبارەت بەئەنفالەکان دەگێردرێنەوە و کەس لەراست ودروستی دڵنیا نییە بۆیە هەق وایە فشار بخرێتە سەر سەدام ودارودەستەکەی لەکاتی کردنەوەی ئەم دوسیەیە بۆ بەدەسهێنانی زانیاری پتر سەبارەت بە چارەنووسی نادیاریان،

بەڵام سەبارەت بە فرۆشتنی کچانی بە ئەنفال گیراو بە وڵاتانی عەرەب ومەلهاکانیان دیکۆمینت و زانیاری تەواو هەیە وئەوە راستییەکە گومانی تێدا نییە، بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەزگا سیخوورییەکانی بەعس ئەو کچانەی فرۆشتۆتە وڵاتانی عەرەب کەتەمەنیان لەنێوان (١٤-٢٩) ساڵە وبەشێکیشیان پاش دەسدرێژی سێکسی وئازاردانی جەستەیی کوشتون،

ئەودەم مرۆڤ دۆستێک نەبوو لە ئاستی ئەم کارەساتەدا بێتە دەنگ،ئاخر ئەوان زۆر دەمێک بوو لەپرسەی ویژدان گەرابوونەوە،بیگومان وڵاتانی موسوڵمان وئایین پەروەر بەشداربوون لەپەردە پۆشکردنی ئەم کارەساتە چونکە بەعس سومبوولی پارێزڤانی وشمشێری عەرەب بوو،

سەیر لەوەدایە پاش ئەو هەموو نەهامەتییی و دەردە سەرییەی بەسەر ماڵی کورددا هات ئەمرۆ ئێمە ناوبژیوان بین وماڵی ئەو کەسانە یەکخەینەوە کە مێژوومانیان خوێناوی کرد وتا ئەمڕۆش پێیان ئەستەمە دان بەبوونمان بنێن.